# قسەی قۆڕ: خوێندنەوەیە فەلسەفی

سەردار عەزیز

یەکێک لەو ڕووداوانەی لەم دوایانەدا ناوەندە فەلسەفەیەکانیان هەژاند گوتارێکی فەلسەفی فەیلەسوفی ئەمریکی هاری فرانکفۆرت بوو. گوتارەکە هەر تەنها هەشت هەزار ووشەیە، پاشان لە توێی کتێبێکا لەلایەن زانکۆی پرینستۆن-ەوە لە بەرگێکی ڕەقدا لە چاپدرا. کتێبەکە بە زمانی ئینگلیزی ناوی " ۆن بوڵ-شێت"ە، کە لە دوو ووشەی بوڵ، کە یانی گا و شێت کە یانی گوو کە ئەگەر ڕاستەو ڕاست بیکەنیە کوردی بەمانای "گوی-گا" دێت. بەلاّم لە زمانی ئینگلیزیدا بە مانای قسەی قۆر بەکار دەبرێ. ئەم کتێبە تا ئێستا زیاتر لە 100،000دانەی لێفرۆشراوە. لە لایەن زۆربەی گۆڤارو ڕۆژنامەکانەوە بە دەقێکی پڕ بەهاو شایستەی خوێندنەوە لە قەڵەم دراوە.

هاری فرانکفۆرت لە یەکەم دێری کتێبەکەیدا لەوە ئاگادارمان ئەکاتەوە کە یەکێک لە هەرە سیما ناسراوەکانی کەلتوری ئەمرۆ ئەوەیە کە پڕە لە قسەی قۆر. من لێرەدا نامەوێ پێاچونەوەک بە کتێبەکەی فرانکفۆرتا بکەم چونکە وەک دەقێک زیاتر ڕەگی لە زمانی ئینگلیزی و کەلتوری ئەنگلۆ-ساکسۆنیا داکوتاوە. ئەوەی مەبەستمە ئەوەیە تا چەندێک کەلتوری ئێمە پڕ بووە لە قسەی قۆڕ؟ ئایا قسەی قۆر چیە؟ تا چەندێک ئێمە بە ئاگاین لە ئامادەبوونی قسەی قۆر؟ ئایا کەی و چۆن قسەی سادە دەبێتە قسەی قۆر؟ ئایا جیاوازی نێوان قسەی قۆرو درۆ چیە؟

کەلتوری ئێمە چەند تایبەتمەندیەکی هەیە، کە لە دەرئەنجامدا بونەتە پێکهاتەی عەقلی مرۆڤی کورد. ئەم پێکهاتانە هێندێکیان دیارو ئاشکران هێندێکیشیان پێویستیان بە لێکۆڵینەو پشکنین هەیە بۆ دیاریکردنیان. لەو خەسڵەتە دیاریانەی کە کەلتور و مرۆڤی ئێمەی پێئەناسرێتەوە، خۆش باوەری، سادەیی، نەبونی تواناى گومانکردن، نەزانینی چۆنێتی پراکتیزەکردنی ڕەخنە لە ژیانی ڕۆژانەدا، بڕواکردن بە هەموو شتێکی نوسراو، بە ڕاست و دروست وەرگرتنی قسەی پیاوی گەورەو لێپرسراوان، ئەمانەو چەندانی تریش، ئەوەی شایانی باسە بۆ هەر یەک لەم دیاریدانە مێژوو بونیادی تایبەت هەیە کە من لێرەدا کاتم نیە بەدوایاندا بگەڕێم.

تاکە دیاریدەیەک کە حەزئەکەم بۆ ساتێ لە سەری ڕاوەستم ئەویش، ڕێزگرتنی کەسی بە تەمەنە. دیارە کەس لاری لەوە نیە کە ڕێزی کەسی بە تەمەن بگیرێت، بەڵکو مەترسی لەوەدایە کە هەر شتێک کەسێکی بەتەمەن دەیڵێت لە بەر تەمەنەکەی بە ڕاست و دروست لە قەڵەم بدرێت. ئەم دیاریدەیە بە لای منەوە ڕەگی لە تایبەتمەندێتی کەلتوری ئێمەدا هەیە، ئەویش تایبەتمەندی زارەکیەتی. لەبەر ئەوەی کەلتوری ئیمە بەگشتی کەلتورێکی نەنوسراوە ئەوا هەردەم کەسێکی بەتەمەن وەک ئەرشیفێکی دیاریدەو ڕووداو بەسەرهاتەکان تەماشاکراوە، لە بەر نەبوونی کتێب لە ناچاریدا ئەوان بونەتە تەنها سەرچاوەی مەعریفە. لە گەڵ گۆڕانی سەرچاوەکانی مەعریفەدا دەبێ کەسی بەتەمەن تەنها لەبەر ئەوە ڕێزی بگیرێت چونکە بە تەمەنە نەک لەبەر ئەوەی سەرچاوەی مەعریفەیە و هەرچیەک بڵێ ڕاست و دروستە کە لە دەرئەنجامدا چەندین فینۆمینەی کۆمەلایەتی خوڵقاندوە، کە بابەتی ئەم باسە نین.

قسەی قۆر شێوازێکە لە دەربڕین، لە هەمانکاتیشا چەمکێکە. وەک چەمکێک بە مانای ئەو قسەیە دێت کە بێ مانایەو دوورە لە پەیوەندی بە ڕاستیەکانەوە. لە سەرەتاوە بە باشی ئەزانم ئەوە بڵێم کە قسەی قۆر بە مەبەستێکەوە ئەکرێ وەک هەڵخەڵەتاندن یان شاردنەوەی ڕاستی. بەلاّم قسەی قۆر جیاوازی هەیە لە گەڵ درۆدا. درۆزن بە ئاگایە لە ڕاستیەکان و لە ئاگاییەوە کەسی درۆزن درۆکانی

دائەرێژێ، کەواتە درۆزن وەک کەسێکی راستگۆ یان داکۆکیکەری راستی بە ئاگایە لە راستی، بەڵام ئەرکی ئەوەیە بیشارێتەوە لە کاتێکا کەسی داکۆکیکەر لە راستی ئەرکی بە دەرخستنیەتی.
بۆ ئەوەی زیاتر روونبێتەوە وا باشترە نموونەیەک لە قسەی قۆر بهێنینەوە. یەکێک لەو قسە قۆرانەی کە بەردەوام دەوترێتەوە گوتەزای "برایەتی کوردو عەرەبە". ئەگەر کورد کوردبێت و عەرەبیش عەرەب ئەوا یانی هەر یەکە لەو دووانە نەتەوەی جیاوازن وە بە پێی پێکهاتەکانی نەتەوە ئەوا ئەوەندە جیاوازی لە نێوان ئەو دوانەدا دروست دەبێت بۆ ئەوەی ئەو دووانە نەتوانن ببنە برا. ئەوەی ئاشکرایە زۆرگرانە تەنها کەسێک چیە بدۆزیتەوە بروای وابێت کە کوردو عەرەب بران، بەڵکو مەبەست لە گوتەزاکە دیاریدەیەکە کە پێی دەڵێن پۆلیتیکاڵ کۆرێکتنێس. کاتێک بۆ یەکەم جار فایەق بێکەسی شاعیر ئەو گوتەزایەی لە شیعرێکدا بەکارهێنا ئاگای لەوەبوو کە زۆر لە راستیەوە دوورە بۆیە تاریخی بە شاهید هێنایەوە بۆ ئەوەی پاڵپشتی لاوازی و کزی گوتەزاکەی پێبکات.
بەڵام ئایا گوتەزایەکی وەها بۆ درۆ نیە؟ درۆ ئەگەر بمانەوێ پێناسەی بکەین ئەوا ئەو گوتەزایەیە کە لە دژی راستی دائەرێژرێ، لە هەندێ جاهردا لە راستی ئەچێت و زۆر جاریش بە ئاسانی لە گەڵ راستیدا لە یەک جیاناکرێتەوە. درۆ بۆ مەبەستی هەڵخەڵەتاندن وفریودان دائەرێژرێت کە لە دوا ئەنجامدا مەبەستێکی ئاشکرا لە پشتیەوەیە. درۆ دیاریدەیەکی بەربڵاو رۆژانەیە لێرەدا من نەکات و نە شوێنم هەیە بۆئەوەی دەربارەی بدوێم. گوتەزای وەک برایەتی کوردو عەرەب، هیچ کوردو عەرەبێ ناکاتە برا، بەڵکو کەسیشی پێهەڵناخەڵەتێ، وە هیچ کەسێکیش بەو مەبەستەوە نایڵێ.

قسەی قۆر تەنها لە شێوەی قسەدا نیە، ئەگەر مەبەست لە قسە ئەو چالاکیەیە کە کورت و زارەکیە، بەڵکو شێوازی تر لە قسەی قۆر هەیە کە زیاتر تۆکمەیە، هەرە دیاریان دیاریدەی دارشتن-ە (ئینشا). ئینشا ئەو دیاریدەیە کە لە ساڵەکانی سەرەتای قوتابخانەوە دەست پێئەکات و هەر بەوەوە ناوەستێ بەڵکو رووپەری رۆژنامەو میدیاکانی کورد پڕن لە ئینشا و تەعبیری ئینشایانە کە جوانترین شێوازی قسەی قۆرن. لە لایەکی ترەوە دیاریدەی ئینشا رەنگە تا هێندێک لە سەفسەتەوە نزیک بێت، کە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی ئەفلاتون.
ئەگەر قسەی قۆر بەگشتی شێوازیکی ئاشکرای هەیە، ئەوا لە هەندێ جاردا هێندێک چەمک دەبێتە قسەی قۆر کە دەبێت لە بنەرەتیا چەمکی جیدی بن. بۆ نموونە دیموکراسی، ئەم چەمکە ئەمرۆ لە بەکارهێنانیا واتاکەی خۆی لە دەست داوە هەندێ جار هەر بۆ رازاندنەوە دەوترێ. ئەم دیاریدەیە دەکرێ ناوبنرێ بەتاڵ بوونەوە لە مانا. وەک چۆن رژێمی سەدام چەمکی سەرکەوتنی بۆ هەموو شەرو بۆنەیەک بەکارئەهێنا بە جۆرێ ئەو چەمکە بە تەواوی لە ماناکەی بەتاڵ بوبوەوە. ئەمرۆ خەریکە دیموکراسیەت بە هەمان دەرد دەبرێت. ئەم شێوازە لە قسەی قۆر بەلای فرانکفۆرتەوە زیاتر لە هەوای گەرمەوە نزیکە (هۆت ئەیر)، مەبەست لە هەوای گەرم ئەو قسەیە کە تەنها ئەو هەوا گەرمەیە، هەناسەیە، کە لە دەم دێتە دەرەوە، هیچ پەیوەندیەکی تری بە واقیعەوە نیە.

قسەی قۆر بە تایبەت لە کەلتوری ئێمەدا لەلایەن خەڵکی سادەوە بە ئاسانی ناناسرێتەوە. لە بەر کاریگەری کەلتوری عەرەب لەسەرمان خەڵکی کورد بە دیاریدەی زلکردنی بەتاڵ و بێمانا هەست بە خرۆشان و خۆشی ئەکات. دیاریدەی بەلاغە لە کەلتوری عەرەبدا دیاریدەیەکی ئاشکرایە. لە ساڵانی شەری عەرەب لە گەڵ ئیسرائیلدا لە کاتێکا عەرەب ئەدۆران بەبێ وەستان هاواریان ئەکرد، ئیسرائیل بەرەو دەریا رائەماڵین. سەردەمی شەری ناوخۆ لە کوردوستاندا سەردەمی زێرینی قسەی قۆربوو. لێرەدا بەباشی نازانم بگەرێمەوە سەر هیچ چەمکێک، چونکە رەنگە پێویست نەبێت.

زۆرجار خەڵک کە قسەی قۆر ئەکەن رەنگە بێئاگابن لەوەی کە قسەی قۆر ئەکەن بەڵکو لە لایەن بیرێک، ئایدەلۆژیایەک، پارتێک رێکخراوێکەوە، راهێنرابن یان مێشکیان شۆرابێتەوە. ئەم کەسانە کە بەگشتی ئەندامن لە لایەک توشی دۆگما دەبن، کە هەندێ جار ناچاردەبن قسەی قۆربکەن و هەندێجاریش براوایان وایە کە راستی ئەڵێن. ئەگەر لێرەدا هاوکێشەیە بەرچاوخەین ئەویش؛ ئایا کەسێک کە قسەی قۆر یان درۆئەکات بەڵام بێئاگایە لەوەی کە ئەوەی دەیڵێ قسەی قۆرە یان درۆیە بەڵکو وەها ئەزانێ کە راستیە، درۆزنە یان قسەی قۆر ئەکات؟ فریدرێک نیتشە زۆر بەروونی لەمە بە ئاگابوو کاتێ دەڵێ، "پێچەوانەی راستی درۆنیە بەڵکو دۆگمایە". کاتێک کەسێک لەبەرئەوەی دژایەتی بیروراکەی نەکات نایەوێ ئەو شتانە ببینێ کە هەموو ئەوانی تر دەیبینن. بۆیە بروابوون بە هەر فیکرێ بە شێوەیەکی دۆگما جگە لە قسەی قۆرو درۆ هیچ شتێکی تری لێناکەوێتەوە. بۆیە نیتچە دەڵێ کەسی سەر بە پارتێک یان لایەک لە بەر پێویستی کارەکەی درۆزنە.

ئەگەر ئەندام بوون یان سەربەلایەن بوون پێداویستیەکی کۆمەڵایەتی بێت، ئەوا بە هەمان پێوەر ئایا قسەی پێداویستیەکی کۆمەڵایەتی نیە؟ ئایا ئەگەر قسەی قۆر لە قسەکردنەکانمان دابرین ئەوا قسەکردنەکانمان نابنە ئەو راستیە ووشکەی کە ناتوانین بەرگری بکەین؟ ئایا ئێمە بەسروشت سەددەرسەد خوازیاری حەقیقەتین یان چێژ لە قسەی قۆرو درۆ زیاتر وەرئەگرین؟ بۆئەوەی وێنای ئەمە بکەیت، بیر لە مێزێکی نانخواردن بکەرەوە کە، ئۆگستین و کانت و غەزالی و هیوم لە سەری دانیشتبن، ئایا ئارەزوو ئەکەیت بچیت هاوبەشیان بکەیت؟ یان حەزدەکەی لە سەر مێزێک بیت پربێت لە نوکتەو شیعر؟

هاری فرانکفۆرت نموونەی خیتابی 4ی حوزەیران، رۆژی سەربەخۆی دەهێنێتەوە، کە لە دێرێکا تیایدا دەڵێن، ووڵاتە مەزنەکەمان (ئەمریکا) لە لایەن باوانی دامەزرێنەرەوە بە چاودێری خواوەند سەرەتایەکی نوێیان بۆ مرۆڤایەتی دارشت". ئەمە بە دڵنیاییەوە قسەی قۆرە بەڵام درۆ نیە. چونکە قسەکەر مەبەستی ئەوە نیە کەس فریودات بەڵکو تەنها مەبەستی ئەوەیە گوێگران وەها بیربکەنەوە کە ئەو کەسێکی لێهاتووە.

مەرج نیە هەموو جارێ قسەی قۆر درۆ یان لە درۆوە نزیک بێت، بەڵکو رەنگە زۆرجار لە راستیەوە نزیکتربێت. لە یەکێک لە کامپەکانی پەنابەریا لە ووڵاتێکی ئەوروپی مۆسیقا ژەن و رەوتێکی کۆمیونیست هەبوون یەکەمیان دەیگوت، "من بۆیە هاتووم بۆ خاریج بۆ ئەوەی رەنگی پێستم سپی بێتەوە". ئەوی تریشیان بۆی ئەسەندەوە ئەیگووت' "ئینجا ئەگەر برۆیتەوە بۆ شارو رەنگت نەگۆرابێت هەر نەهاتایەت بۆ خاریج باشتربوو". (هەرجارێ گوێم لێئەبوو، فرانز فانونم ئەکەوتەوە یاد) ئەوان نەک هەر گاڵتەیان نەئەکرد بەڵکو هەوڵیان بۆ ئەدا، بەیانیان بە ئاوی سارد خۆیان ئەشت و لە رۆژی خۆردا نە ئەرۆشتنە دەرەوە. ئەوەی ئەوان دەیانگووت راستی بوو مەبەستیان بوو، بەڵام لە هەمانکاتدا تا سەر ئێسقان قسەی قۆربوو.